له 9هەمین ساڵیادی تیرۆری هاورێیان شاپورو قابیلی خۆشەویستدا

# شاپورو قابیل خۆیان لەسەر ترۆپکەی ڕابەری جەماوەریەوە هاویشتە ئامێزی حزب

**عبدالله مەحمود**

*abdulla.mahmud@gmail.com*

9 ساڵ لەمەوبەرو لەبەرواری 1998/4/18دا هەردوو ڕوخسارو سیمای خۆشەویستی بێبەشان، ئاوارەکان و بێخانەولانەکان، کریکاران، حزبی بێبەشان و ناڕازیان، شاپورعبدالقادر وقابیل عادل، لەشاری هەولێردا، لەپیلانێکی ترسنۆکانەدا بەدەستی باندێکی ئیسلامی ئەنیشك لەخوێن هەڵکێشراوی ئیسلامیەکان، تیرۆرکران.

شاپور وقابیل جگە لەوەی ئەندامانی ڕابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بوون، هاوکات ڕابەری ئاوارەکان و بێخانەولانەکان، ڕابەری ئاکسیۆنەکانە ئاياریيەکان و بۆنە کرێکاری و ڕادیکاڵ و جەماوەریەکان، بوون.

لەکاتێکدا ئەم دوو سیماو ڕوخسارە نەسرەوتووەی ئاوارەکان وبێخانەولانە و بۆنەو مەراسیمەکرێکاری و جەماوەریەکان، کەوتنە بەردەم پیلانی تیرۆرستان و تیرۆرکران، کە خەریکی ئامادەکاری بۆ ئاکسیۆنی ئایار بوون، خەریکی ئەوەبوون کە کرێکاران و خەڵکی ستەم لێچو لەئاکسیۆنی ئایاردا، ڕێکبەخەن و ڕابەری بکەن، داخوازیەکانیان بخەنەروو، توانای یەکگرتوانەو ڕێکخراویان نیشانبدەن، هاوچارەنوسی و هاوپشتی جیهانی کرێکاران لە ڕۆژی کرێکاراندا، بخەنە سەرشانۆی واقعی.

هەر ئەوساڵە لە مەراسیمی 8 مارسدا، لەکاتێکدا بەهەزاران کەس لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر کۆببونەوە بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانی ژنان و ڕاگەیاندنی پەیامی بزوتنەوەی یەکسانی خوازانەی ژنان بەڕووی ئاپارتایدی جنسی و هەڵاواردن و بێمافیەکانی ژناندا، دیسانەوە باندیکی ئیسلامی، ئیسلامیەکان کە یەکێك لە بنەماسەرەکیەکانی بوونیان و فەلسەفەی هاتنەمەیدانیان دژی ژن بوون و کوشتارو ئیغتیسابی ژنان و خواست و مافەکانیانە، هەوڵیاندا ڕۆژی ژنان و مەراسیمەکە بشێوێنن و پەیامی دژی هەشتی مارس و یەکسانیخوازی، بەچەك و گوللەبارانکردن بەرپێبگرن و ڕابەرانی قەسابی بکەن، هەرئەوکاتە لەلایەن هاورێیان شاپورو قابیل و ژمارەیەك لەهاورێیانی تری حزب و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، پەلبەستکران و پیلانی چەپەڵیان پوچەڵکرایەوەو وەدەرنران، ئەمەش مۆرێکی شکست بوو لەڕۆژی ژناندا درا لەتەوێڵی دژی ژن بوونی ئیسلامیەکان.

بەدوای ئەم ڕوداوەدا ئیسلامیەکان شێتگیربوون و هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوون تۆڵەی ئەم شکستەیان و لەوەش واوەتر تۆڵەی هێنانە مەیدانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و خواستە ئینسانیەکانیان لە بزوتنەوەو حزبێك بکەنەوە، کە ڕابەرانی وەکو شاپور قابیل لەڕیزی پێشەوەی بوون.

بۆیەزۆریك لەمەلاکانی سەر بەباندە ئیسلامیەکانی شاری هەولێر، بەدوای مەراسیمی 8 مارسی هەولێرو مەراسمەکانی تری کوردستان و ڕەوتێکی ڕوولەگەشەی بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان و بۆ گۆڕینی یاسای باری کەسێتی و یاساکانی تری دژی ژن، کە کۆمەڵگای داگرتبوو، کەوتنە فتوا بەخشینەوە و

هەلڕشتنی ژەهرای ئیسلامی بۆ کوشتاری کۆمۆنیستەکان و ڕابەرانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان، بۆئەوەی بەربگرن بەو ڕەوتە ئینسانیەی ئالاَی سوککردن و نەهێشتنی ستەمکیشی و نابەرابەری ژنانی بەرز ڕاگرتبوو.
هاوکات نابیَ بیرمان بچێت، ئەو حزبەی شاپورو قابیل و دوو ڕابەری پێشرەو بەرچاوڕۆشن و خۆشبینی بوون، لەسەراسەری کوردستان ببوە حزبێکی خۆشەویست و ڕۆژ بەڕۆژ پانتایی هەڵسورانی بەرینتر دەبۆوە، ڕۆژبەڕۆژ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش زیاتر لەدەوری سیاسەت و ڕێگاچارەکانی، لەدەوری خواست و ڕێنوینەیەکانی، لەدەوری رابەران و ڕێکخراوە حزبیەکان و لەدەوری ئەو ڕێکخراوە جەماوەریانەی حزب پشت وپەنای بێدرێغیان بوو، کۆدەبونەوەو خۆیان ڕێکدەخست. ئەمە نەك مایەی شێتگیربوونی ئیسلامیەکان، بەڵکە مایەی هەراسان بوون و نیگەرانبوونی ئەحزابی حاکمی کوردستانیش بوو، هەر ئەمەش وای کردبووە کە یەکێتی و پارتی بەجیا لەبەرژەوەندی خۆیان لەگەلَ وولاَتانی ناوچەکە لەوانە کۆماری ئیسلامی ئێران، بەپێی ی مەنتیقی پەیوەندی دیبلۆماسی و عادەتی ئەو پەیوەندیانەیان ناچارکرابوون و ناچاربوون بچنە پشتی ڕەوت و تاقمە ئیسلامیەکان، بەلاَم ڕەوتی ڕوولەگەشەی ئەو حزبەی شاپور قابیل و ....تیادا ڕابەری بوون، وای کردبوو کە یەکێتی و پارتی لەهەرچی زیاتر دەستی ئیسلامیەکان ئاواڵە بکەن و کۆمەکی مادی بێسنورو مەعنەویان بکەن و ئیمتیازیان لە ئیدارەاتی خۆیاندا پیبدەن و بێدەنگە هەڵبژێرن لەبەرامبەر پیلان و کاروکردەوە دژە ئینسانیەکانی ئیسلامیەکاند، هاوکات دەست ئاوەلاَکرابوون بۆ ڕاگرتنیان لەبەرامبەر حزبی ئێمە وە ڕەوتی ئازادیخوازی و متەمەدینی کوردستاندا، هەر ئەمەش بوو وای کردبووە کە ئیسلامیەکان و مەلاکانی سەربەوان و باندە ئینسان کوژەکانیان بە بەرچاوی یەکێتی و پارتیەوە هەڕەشە بکەن، فتوا ببەخشنەوە، دەست بۆتەقاندنەوەی ساڵۆنەکانی ژنان و دوکانەکانی مەیفرۆشی، سوتاندنی کتێبخانەکان، و تێزاب ڕشتن بەقاچی ژنان و تادەگات بە تیرۆری ئازادیخوازان و نوسەران و چەپ و کۆمۆنیستەکان، ببەن.
شاپورو قابیل لەهەلومەرجێکی ئاوادا و لەناوجەرگەی شاری هەولێرو بەڕۆژی ڕوناك، لەکاتێکدا کەخەریکی سەردانی یەکێتی بێکاران و ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بوون بەمەبەستی پێشوازی لەیەکی ئایار، لەلایەن باندێکی تیرۆرستی ئیسلامیەوە تیرۆرکران.
تیرۆرکردنی ئەم دوو هاوڕییە چەندە کارێکی ترسنۆکانەبوو، چەندە تەعبیر بوو لە درندەیی ئیسلامیەکان و مەلا کۆنەپەرستەکانیان، هێندەی ئەوەش زیانێکی گەورە بوو لە ئێمە وەکو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و لەوەش واوەتر خەسارەتێکی گەورە بوو لە خەڵکی ئاوارەو بێخانەو لانە کەوت.
ئەگەر ئێمە دوو کادری بەرجەستەو بەرچاورۆشن و لێبڕاوی رابەرییمان لەدەستدا، ئاوارەکان و خەڵکی بێخانەو لانەو دەستفرۆشەکان و ئاکسیۆنە ئایاری و جەماروەریەکان، دوو ڕابەری جێمتمانەو جێکەوتووی خۆیان لەدەستداو بەمەش بزوتنەوەی جەماوەری و خەڵکی بێخانەو لانە، لەدەورونەخشی ئەوان بێبەشکران پاشەکشەی پێکرا.
شاپور قابیل بەرلەوەی دوورابەری حزبی بن، دوو ڕابەری بزوتنەوەی جەماوەری بوون، ڕابەری بێخانەو لانەو بێبەشان، ڕابەری خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی ئاوارەکان و دەستفرۆشان، ڕابەری بزوتنەوەی دژی شەڕی ناوخۆیی، ڕابەری بۆنە کرێکاری و ڕادیکاڵەکان بوون.

بەپێچەوانەی زوربەی ڕابەرانی ئەحزابەوە، کەحزب پرۆژەیەکە شەخسیەت ئەدات بەڕابەرانی خۆی، گەورەیان ئەکات، نەخشەی ناساندن و پێگەیاندنیان دادەنێت، شاپورو قابیل بەپێچەوانەوە خۆیان لەسەر ترۆپکەی ڕابەری جەماوەریەوە هاویشتە ئامێزی حزب و بەپەیوەست بوونیشان بەحزبەوە حزبیان گەورەو بەشەخسیەت کرد، ئاوارەکان و خەڵکی بێخانەو لانەش لە ڕێگەی ئەوانەوە زۆر زوو لەدەوری حزب و سیاسەتەکانی کۆبونەوە. ئەو ڕۆژەم وەکو ئێستا لەبیرە کاتێك شاپورو قابیل لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە  لەکاتی هەڵسورانیان بۆ ئایاری 95 دەسگیرکران، ئاپۆرەی کۆبونەوەی ژنانی ئاوارە لەبەردەم ئاسایشی هەولێردا، چۆکی بەرپرسانی ئاسایشی شکاندو ناچاربوون ئازادیان بکەن.
نەخشی شاپور لە ڕابەریکردنی خەڵکی نەدارو بێبەش و نوێنەرایەتی کردنیان هێندە بەرجەستەو بەرچاو بوو لە ساڵی 95 دا پاریزگاری هەولێر دەڵێت "شاپور لە شارێکدا نابیٚ دوو محافز هەبێت،یان دەبیٚ من محافز بم یان تۆ" ئەمە قسەی خودی محافزی هەولێربوو کە لەناوئاپۆرەی جەماوەریدا بەشاپوری ووت.
هاوکات قایمقایمی دیانەش بەهەمان شێوە لەبەرامبەر بەنەخشی ئەودا بەهەمان شێوەی پاریزگاری هەولیر بە شاپور دەڵێت" دیانە یەك قایمقایمی پێویستە، نابیٚ دوانی هەبێت، یان ئەبیٚ من بم یان تۆ..."
شاپورو قابیل 9 ساڵ بەرلەئێستا، بەفتوای مەلاکۆنەپەرستەکانی وەکو مەلا بەشیری تاوانبار و بەدەستی ئینسان کوژەکانی ئیسلامیەکان، لەژێر دەسەڵاتی پارتیدا تیرۆرکران و ئێمەیان وەکو حزب و خەڵکی بێبەش و ناڕازی کوردستانیشیان، جێهێشت و پەیامی ئینسانی و خەباتکارانەی خۆیان بە ئێمە هەمووومان سپارد.
ئێمە لەکاتێکدا یادی خەرمانەیەك لە بیرەوری و تیکۆشانی خەباتکارانەی ئەوان بە درێژەدان بەڕێگای پڕ سەروەری ئەوان درێژە پێئەدەین، دەڵێین هاوڕێیان ڕێگاتان بەردەوامە، شکۆمەندی بۆ ئینسانیەتە، ئێمە ڕێبواری کاروانێکین ئێوە زوو جێتان هێشتین، بەڵام ئایدیاو ڕێبازتان پیروزیەکانی دنیان و ئێمەش وەفادارین پێیان.

2007–4–10